# کێشەی گواستنەوەی ئاوی بەندیخانەی سلێمانی چارەسەرکرد...




لەچوارچێوەی بەدواداچوون و لێپێچینەوە لەرەوشی بەندیخانەکان و پڕکردنەوەی کەموکورییەکان و بەشداریکردنی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە کەمکردنەوەی گرفتەکان بەتایبەت لەرووی دابینکردنی ئاو بۆ بەندیخانەکان سەر لەبەیانی رۆژی ٢٠٠٨/٢/٥ بەرێز عەبدوڵڵا دلێر بەرێوبەری گشتی دیوان لەوەزارەتی مافی مرۆڤ بەیاوەری ژمارەیەك لە لێپرسراوانی بەرێوبەرایەتی فەرمانگەی سلێمانی سەردانی بەرێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی بەشی ژنانی کرد..

لەم سەردانەدا وێرای ئەوەی کە گفتوگۆ لەسەر کۆمەڵێك مەسەلە کرا کەپەیوەست بوون بە رەوشی مافی مرۆڤ لە بەندیخانەکاندا و ئەو کەموکورییانەی کە پێویستە بۆ ئەم فەرمانگەیە دابینبکرێ بەرێوەبەری گشتی دیوان لەمەراسیمێکدا تانکەرێکی ئاوی بەناوی وەزارەتەوە پێشکەش بە بەشی ژنانی بەرێوەبەرایەتی  چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی کرد...

لەبەرانبەردا خاتوو پرشنگ کەریم قادر بەڕێوەبەری چاکسازی کۆمەڵایەتی بەشی ژنان خۆشحاڵی خۆی دەربری و ئەم دەستپێشخەرییەی وەزارەتی مافی مرۆڤی بەرز نرخاند و ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەم جۆرە کارانە بەشێکە لە بەسەرکردنەوەی مرۆڤایەتی و بەجێهێنانی ڕێنماییەکانی مافی مرۆڤ.